DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2020.23.2.22
گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:23، ژمارە:2، (زانستێن مروڤايەتی و كومەلناسی)، بپ 432-446، 2020

# ڕاستكردنەوەی چەند هەڵەیەكی مێژوویی تایبەت بە سەدەكانی ناوەڕاست لە كتێبی خولاصەیەكی كورد و كوردوستانی محەمەدئەمین زەكی بەگ

خانزاد صباح محي الدين
بەشی ڕاگەیاندن، پەیمانگای تەكنیكی كارگێڕی هەولێر ،زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولی، هەریمی كوردستان-عیراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەكولینی: 9 شوات، 2020، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 22 أيلول 2020))*

## پوختە

**كتێبی محەمەد ئەمین زەكی بەگ یەكێكە لە سەرچاوە بنەڕەتییەكانی مێژووی كورد لە هەموو سەردەمەكاندا، خزمەتێكی زۆری بە مێژووی كورد كردووە،چونكە دەرچووی كۆلیجي ئەركانی سەربازی بووەوچەندین ئەرك و فەرمانی گرنگی پێ سپێردراوە لە كۆتاییەكانی سەردەمی دەولەتی عوسمانیدا توانیویەتی سوود لەو پێگەیەی خۆی وەربگریت و مێژووی كورد بنوسێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرقالی كاروباری ئیداری بووە لە 1925 وەزیری گەیاندن و ئەشغال بووە لە عێراق، هەروەها سەرچاوەی پێویستی لەبەر دەست نەبووە، لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەكانی سەردەم ئەوسا دەستنووس بوون، كەوتۆتە چەند هەڵەیەكی مێژوویی و چەند زانیارییەكی مێژوویی دەربارەی هۆزو كەسایەتیە كوردییەكانی تیكەڵ كردووە.**

**ئێمە لەو لێكۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بەپشت بەستن بەسەرچاوە مێژوویەكانی بەردەست ئەو ووردە هەڵانەی تایبەت بە سەدەكانی ناوین ڕاست دەكەینەوە، ئەمەش هیچ لە گرنگی ئەو لێكۆڵینەوەیە كەم ناكاتەوە،هەڵەكانیش بەپێی جۆرەكان بەسەر تەوەرەكانی هەڵەی بابەتی و هەڵە لە ناوەكان دابەش دەبن، بەهەردوو جۆری ناو و ناسناوی كەسایەتییەكان یان هەڵە لە ناوی ناوچەو دەڤەركان لەو كتێبە ناویان هاتووە، ئەمە جگە لە هەڵە ی ڕێكەوت و چاپ ئەوانیش تەوەرەی تری لێكۆڵینەوەكەن. لە كۆتاییشدا ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە و لیستی سەرچاوەو ژێدەرەكان هاتووە .**

## پێشەكی

هەرچەندە(90)ساڵ تێ پەڕیوە بەسەر چاپی یەكەمی ئەو سەرچاوەیەووەرگێڕدراوەتە سەرزمانی عەرەبی بەلام تا ئێستاش گرنگی و بەهای مێژووی خۆی لەدەست نەداوەو ساڵانیكی زۆرە بە تاكە سەرچاوەی باوەڕ پێكراوی سەرلەبەری مێژووی كوردوكوردستان هەژمار دەكریت،هەردەم بەهاو گرنگی خۆی لەدەست نەداوەو بۆتە سەرچاویەكی بنەڕەتی بۆ توێژەران و ڕۆژهەڵاتناسان و خوێندەوارانی كورد.هاوكات بۆتە ئاوێنەیەك بۆ كەسانی بیانی وناشارەزا تا لەڕێگەی ئەو سەرچاوە مێژووییە ئاشنای مێژووی كوردو كوردستان بن.

بەگوێرەی بۆچوونی توێژەرانی كوردیش بەباشترین سەرچاوەی مێژوویی هەژماردەكریت كەبەزمانی كوردی نوسرابێت،بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستیانەشدا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەو سەرچاوەیە هەندێك كەم و كوڕی و ووردە هەڵەی تێدا بەدی دەكرێت لەناوی ژمارەیەك كەسایەتی و هۆز و شوێن كە بەدروستی تۆمار نەكراوە.لێرەدا ئەو لێكۆڵینەوە وەك كۆششێكی بەراییە بۆ دەستنیشان كردن و ڕاستكردنەوەیان بەمەبەستی پاككردنەوەی ئەو سەرچاوەو دانسقەونایابەی مێژووی كوردو كوردستان بۆ زیاتر سوود گەیاندنی زیاتر سەرنجامیش هیچ لەبەهاو بایەخداری ئەو سەرچاوەیە كەم ناكاتەوە.



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

شايانی وتنە يەكەم چاپی ئەو بەرهەمە لە دوو بەرگدا لەبەغدا چاپكراوە يەكێكيان لە ساڵی 1932 و ئەوەی تريان لە ساڵی 1937دا، هەروەها لە ساڵی 1982لە لەندەن و لە ساڵی 1985 لە بەيروت، دواجاريش لە ساڵی 2006 لە سليمانی بنكەی ژين هەردووبەرگيان لەيەك كتێب بڵاو كرديتەوە،كە ئێمە لێرەدا بۆ ئەو لێكۆڵينەوەيە ئەوەی بڵاوكراوەی ژين بەكاردەهێنين كە لەئامادەكردنی ڕەفيق ساڵحە،لە دەستپێكی كتێبەكە ئاماژە بەڕاستكردنەوەوسەرنجەكانی مەلا جەميل ڕۆژبەيانی كراوە(محەمەد ئەمين زەكی،ل ق)،لەجلدی دووەميش د.كەمال فوئاد بەچەند سەرنجێكی ڕەخنە گرانە ئەو سەرچاوەيەی دەوڵەمەندتر كردووە(محەمەد ئەمين زەكی،ج2،ل ئـ).بۆ زانياری دەربارەی نوسەرو هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمەی هەوڵمان داوە سوود لەو توێژينەوانە وەربگرين كە لەسەر ڕۆڵی محەمەد ئەمين زەكی نوسراون چ وەك لێكۆڵينەوەی كەسی تايبەت يان ئەو زنجيرە ووتارو باسانەی لەلايەن توێژەرونوسەررانی كورد ئاماژەيان بەگرنگی ڕۆڵی نوسەرو بەرهەمە نوسراوەكانی كردووە كە بەشێكی زۆری لەدووتوێ ی كتێبێك كۆكراوەتەوەو لەژێر ناونيشانی (چی دەربارەی محەمەد ئەمين زەكی نوسراوە) كۆكراوەتەوەيەكيكە لەبڵاوكراوەكانی بنكەی ژين .

ئێمەش لێرەدا هەوڵی ڕاستكردنەوەی ئەو هەڵانەی تايبەت بەسەدەكانی ناوەڕاست دەدەين بەپشت بەستن بەسەرچاوە مێژووييەكانی بەردەست،سەرەتا لە تەوەرەی يەكەم بە پێويستمان زانی تيشكێك بخەينە سەر ژيان و بەرهەمەكانی نووسەر، ئينجا لە تەوەرەی دووەميش لە هۆكاری بوونی ئەو هەڵانە وپۆلين كردنی هەڵەكان بەپێی جۆرەكانيان دەكۆڵينەوە،جا چ بابەتی يا هەڵەی ناو و بەروار يان هەڵەی چاپ بن.لە كۆتاييشدا وەك هەرلێكۆڵينەوەيەكی ئەكاديمی ئەنجامی لێكۆڵينەوەو ليستی ژێدەرو سەرچاوەكان دەخەينە ڕوو.

شايانی ئاماژە پێكردنە دەربارەی ناو وناسناوی ئەو كەسيايەتييانەی لەپەراوێزی لێكۆڵينەوەكە هاتووە بەزمانی عەرەبی و وەك خۆی چۆن لەسەرچاوە عەرەبيەكاندا هاتووە بەهەمان شێوە لەپەراوێز نوسراون بۆ زياتر دڵنيايی لەڕاستكردنەوە يان ناساندنەكە.

## تەوەری يەكەم:-ژيننامە و بەرهەمەكانی محەمەد ئەمين زەكی

- **ژيننامەی كەسی:-**

محەمەدئەمين زەكی لە سالی 1880 لە سلێمانی لە بنەماڵەيەكی دياری ڕۆژگاری بابانييەكان لە دايكبووە كەسەرچاوەكان ئاماژەيان بەناوی ئەو بنەماڵەيە نەكردووە،سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی ئايينی دەستی پێكردووە،هەر لەوێش فێری هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی بووە، لە ساڵی 1896 دوای ئەوەی ساڵێك لە ڕوشدييەی سەربازی لە سلێمانی دەخوێنيت ئيدی ڕوو لەبەغدا دەكات ولە ئامادەيی سەربازی دەخوێنێت، پاشان لە دوای سێ ساڵ هەربە مەبەستی درێژە پێدان بە خوێندنی سەربازی دەچێتە ئيستەنبۆڵ و لە ساڵی 1902 بە پلەی مولازمی دووەم و بە پلەيەكی باش دەردەچێت بۆيە دوو ساڵيش لە كۆليژی ئەركان دەخوێنێت و لە 1904 بە پلەی سوپاسالار(رئيس اركان) دەردەچێت. (كمال مظهر احمد،ل314).

ڕاستەوخۆ لە دوای تەواو كردنی خوێندنی بە ئەفسەر لە سوپای شەشەمی عوسمانی لەبەغدا دادەمەزريت تا ساڵی 1908ز لەسەر داوای خۆی دەگوازريتەوە بۆ ئەدرنە بە ئەندامی ليژنەی نەخشە و دواتر بە ئەفسەری تۆبۆگرافيا بەشداری لە دياريكردنی سنوری توركيا لەگەڵ بولگاريا و ڕوسيا لە ناوچەكانی قەفقاز دەكات.(دارا جمال غفور،ص11).لە ساڵی 1924 دەگەڕێتەوە بەغدا و بەهۆی كارامەيی و سەركەوتوويی لە كارەكانی لە ساڵی 1925 دەكرێتە فەرماندەی قوتابخانەی



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

سەربازی پادشایەتیی، بەڵام هیندەی نەبرد لەهەمان ساڵ دا خۆی بەنوێنەری لیوای سلێمانی بۆ یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پاڵاوتووە بەو هیوایەی زیاتر خزمەت بکات ئەگەر دەستبەرداری هەموو پۆست و دەستکەوتی شەخسیش بێت. (کمال مظهر احمد ،ل307).

لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەبەر لێهاتوویی بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی لیژنەی سەربازی هەڵدەبژێردرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەمان ساڵدا بە وەزیری ئەشغال و گەیاندن دەستنیشان دەکرێت و بەگوێرەی دەستوری ئەوسای عێراق نەدەبوو دوو پۆستی لەیەك کاتدا هەبێت دەستبەرداری کاری ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە ئەنجومەنی نوێنەران، لە ماوەی نێوان ساڵانی 1925-1941 لە نێوان کاری وەزاری و ئەنجومەنی نوێنەران خزمەت دەکات، دە جار پۆستی وەزیر لە وەزارەتەکانی ئەشغال، مەعاریف، جەنگ، ئیقتصاد و مواصەلات ،تا دوا جار بەهۆی نەخۆشی لە 1942ز دەست لەکاردەکێشێتەوە و لە مەجلیسی شیوخی عێراقی دەمێنیتەوە تالە 1948ز لەتەمەنی شەست و هەشت ساڵی کۆچی دوایی کرد.(عەلائەدین سەجادی،چی لە بارەی محەمەد ئەمین زەکی نوسراوە،ل60-61).

● **ژیننامەی ڕۆشەنبیری:-**

ئاسان نەبوو بۆ کەسایەتییەکی سیاسی سەربازی وەك محەمەدئەمین زەکی لە هەل و مەرجی ئەودەمەی عێراق ئاوڕ لە لایەنی ڕۆشەنبیری ونوسین بداتەوە وخۆی پێ سەرقاڵ بکات و سەرباری ئەو هەموو ئیش و کارە زۆر و گرنگانەی پێ ی سپێردرابوو بتوانێ ئەسپی خۆی تاودا و چوار بەرهەمی بەزمانی کوردی بنوسێت و بەرهەمەکانی ببنە سەرچاوەیەکی مێژووی کورد لە ئەمڕۆدا، بەڵام دیارە لێهاتوویی و دڵسۆزیی ئەو زاتە لەلایەك و لە لایەکی ترەوە ئەو دەستپێکی خوێندنی بەزمانی فارسی و عەرەبی بووە، دواتر فێری زمانەکانی تورکی و فەڕەنسی و ئەڵمانی بووە، زانینی ئەم زمانانە بەهانای هاتوون لەزاڵ بوون بەسەر ئەو کۆسپ وئاستەنگ و تەگەرانەی هاتوتە ڕێگای، چونکە بۆتە دەروازەیەك بۆ ئاشنابوون بەو سەرچاوە مێژووییانەی دەربارەی کوردییان نوسیوە.(کمال مظهر أحمد،ص16).

هەرچەند محەمەدئەمین زەکی زیاتروەکو مێژوونوس دەناسرێت بەڵام هاوکات چالاکی وبزاڤی ڕۆشەنبیری زۆر لایەنی ئەدەبی گرتۆتەوە (عیزەددین مستەفا ڕەسول،ل106) ، تەنانەت ئاوڕی لە شیعر هۆنینەوەش داوەتەوە ئاماژە بەو لایەنەی چالاکی ڕۆشەنبیرییەی کراوە (عەلائەددین سەجادی ،ل62) ، بەر لە نووسینی بە زمانی کوردی دەربارەی کورد و مێژووی کوردستان لەماوەی ساڵانی نێوان 1906-1924دا، هەشت چاپکراوی بەزمانی تورکی هەبووە کە پێ دەچیت بەرهەم و زادەی ژیانی سەربازی وعەسکەری خزمەتی لەسوپای عوسمانی بێت،وەك لەناونیشانی چاپکراوەکان دەردەکەوێت کە لەژیننامەی نوسەر لەلایەن وەرگێری کتێبی خولاصەی تاریخی کوردو کوردستان ئاماژەیان پێکراوە(محمدامین زکی ،ص471) .هەر لەهەمان سەرچاوە باس لەنوسینی چواربەرهەمی نوسەر دەکرێت دەربارەی کورد کە بریتین لە:خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان لە دوو بەرگ،مێژووی سلێمانی بە زمانی کوردی، مشاهیرالکرد کە لەلایەن سانیحە خانی کچی وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی (محمد أمین زكي،ص10).

دەربارەی خولاصەی کورد و کوردستان کە مەیدانی توێژینەوەکەمانە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە نووسەر خۆشی ئاماژەی پێکردووە ئەویش ئەوەیە دوای ئەوەی کاتێکی خۆی بۆ تەرخان کردووە و لە ساڵی 1919 دوو سەد لاپەڕەی لەو کتێبە نووسیوە بەهۆی سووتانی ماڵەکەی ئەو نووسینە لەناوچووە، بەڵام ویست و خولیای هێندە بەهێز بووە بۆیە



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

جارێکی تر دەست بەنوسینی ئەو کتێبە دەکاتەوە (محەمەد ئەمین زەکی،ل2).کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕۆشەنبیری و هەست بە لێپراسراوی نوسەر بەرامبەر بەمیللەتەکەی لەلایەك و لەلایەکی تریش پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە مێژووییەی کەنوسەرلەپێشەکی چاپی یەکەمی ئاماژەی پێ دەکات کە دەفەرموێ: کاتێك نەتەوەکانی تورك و عەرەب دەربارەی مێژووی خۆیان نوسیان منیش بیرم لەنوسینی مێژووی کورد کردەوە.

## تەوەرەی دووەم:- هەڵە مێژووییەکانی کتێبی خولاصەی کوردو کوردستان ی محەمەد ئەمین زەکی

- **هۆکاری بوونی هەڵەی مێژوویی:-**

ئەو بەرهەمەی محەمەد ئەمین زەکی لەبەر ئەو تایبەتمەندی و گرنگییەی هەیەتی بۆتە هەوێنی نوسینی ڕۆژهەڵاتناسەکان وەك سەرچاوەیەکی بایەخدار بەکەڵك هاتووە و لەهەر تێز و باسێك دەربارەی کورد نووسرابێت (محمد أمين زكي،ط2،ص21-22).بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەوبەرهەمەخویندنەوەی ڕەخنەگرانەی بۆ نەکرابێت هەموو زانیارییەکانی وەك خۆی وەرگیرا بیت.نووسەر خۆی لە پێشەکی چاپی یەکەمی عەرەبیەکەی داوای ئەو خویندنەوە ڕەخنەییەی لەڕۆشەنبیران و توێژەرانی کردووە بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە ببێتە سەرچاوەیەکی بە پێز و باوەڕپێکراوی زانستی(محمد امين زكي ،ص16).

بەبۆچوون ولێکدانەوەی ئێمە لەوانەشە بوونی ئەو هەڵانە بگەڕێتەو بۆسەرقاڵی نووسەر بەکاروباری سەربازی و سیاسی کەمتر پڕژاوەتە سەرگەڕان بەدوای سەرچاوە عەرەبیە ڕەسەنەکان کە لەلایەن مێژوونوسە هاوچەرخەکانی ڕووداوەکان یان نزیك لێیانەوە نوسراون کە ئەودەمانە زۆربەیان چاپ وساغ نەکرابوونەوەو هێشتا دەستنوس بوون و بەئاسانی بەردەست نەدەکەوتن.لەلایەکی تریشی شێوازی ژیانی نووسەر کەبەهۆی ئەو ئەرکانەی پێ ی سپێردراون هەمیشە لەجێ گۆڕکێ بووەو جێگایەکی نیشتەجێ بوونی جێگیری نەبووە هۆکارێکی نەخوازراو بووە بۆ نەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان.

هەروەها وەك لە پێشتر ئاماژەمان کرد بەوەی یەکەم دەستنوس و زۆربەی سەرچاوەکانی ئەو کتێبە فەوتاوەو نووسەردووبارە سەر لەنوێ دەستی بەنوسینەوەی کردووە، چونکە هەمووی سووتاوە واتە ئەمجارە بەپلەی یەکەم پشتی بەگەنجینەی هزری خۆی بەستۆتەوە، لەوانەیە لەوێش شتێك لەبیر کرابێت یان بەشێوەیەکی تر جێگیر بوبێت ولەئەنجامدا تووشی ئەوهەڵانەی کردبێت .نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەو شێوازە نووسینەی نوسەرپەیرەوی کردووە ئەویش نوسینی کوردی بەپیتی عەرەبی و کاریگەری نەبوونی ئەو پیتانەی لەزمانی عەرەبی هەیە و لەکوردی نیە و بەپێچەوانەشی هۆکارن بۆدووچاری هەڵە بوون لە ئەنجامی خویندنەوەی هەڵە.هەر هەمان هۆکاریش دەبێتە هۆی هەڵەی چاپ.

- **گرنگترین ئەو هەڵە مێژووییانەی بەرچاو دەکەون:-**

بۆ دیاریکردنی ئەوهەڵە مێژووییانەی لە کتێبی خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان بەرچاو دەکەون و ڕاستکردنەوەیان پێویستە جۆرەکانیشیان جیا بکرێنەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا بەو شێوەیەی لای خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:-

**یەکەم- هەڵە بابەتییەکان:-**

هەندێك جار نووسەر دووچاری هەڵەی بابەتی بووە لەبەرهەرهۆکارێك بێت، لەوانەیە بەهۆی لێکچوونی ناوەکان یان لێکدانەوەی هەڵە بۆ ڕووداوو ناوە مێژووییەکان .

لەباسی ئەصلی ناوی کوردستان لە جلدی یەکەمدا (محەمەد ئەمین زەکی،ج1،ل11.) کەوتۆتە هەڵەیەکەوە ئەویش بە دانانی ناوی سولەیمان ئەیوائی(م:1258/656ز) سەرۆکی



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

هۆزی ئەیوەی تورکمانی(الهمذاني ،م2،ج1،ص 273-274.)لەشوێنی سولەیمان شای(555-556ك/1160-1161ز)برازای سوڵتان سەنجەری سەلجوقی (490-552ك/1096-1157ز)،کە یەکەمیان پێش ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی لەسەردەستی مەغۆلەکان والی کوردستان بووە، کەسێکی نزیکی خەلیفەی عەبباسی ئەلموستەعسم بیلا(640-656ك/1242-1258ز)هەربۆیەش هۆلاکۆ لەنامە گۆڕینەوەکانی بۆ خەلیفە داوای کردووە سولەیمان ئەیوائی بۆ بنێرێت، بەڵام خەلیفە نەیناردووە، هەرئەو سولەیمان ئەیوائیەش خاوەنی پێشنیازی ڕەت کردنەوەی دانوستانی لەگەڵ مەغۆلەکان بۆ خەلیفە کردووە (ابن االاثیر،ج9،ص254.). ئەو هەڵەیەش لەئەنجامی پشت بەستن بەگێڕانەوەی ڕۆژهەڵاتناسێك بێ گەڕانەوە بۆسەرچاوە عەرەبیەکان بۆیە کەوتۆتە هەمان هەڵەی بەڵام ڕەچەڵەکی ئەو کەسایەتیە لەتوێژینەوەیەکی زانستی ساغکراوەتەوە کەلەبنەمالەیەکی تورکمانیە (زرارصدیق توفیق،ل281)،هەر لەهەمان بڕگە بەروارەکەشی بەهەڵە هاتوە،ڕاستیەکەی(554-556ك/1159-1161ز)، کە لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت (کي لیسترنج،ص227.).

هەر لە هەمان جلدی ئەو کتێبە ناوی کەسایەتیەك هاتووە نووسەر بە ڕەئیسی عەشیرەتی ڕەوادی ناساندوویەتی ئەویش حەرب کوری عەبدوڵلای بەلخیە (محەمەد ئە مین زەکی،ج1،ل98.) لە کاتێکدا لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاماژە بەوە نەکراوە کەسەرۆکی هۆزی رەوادیە بەڵام لە لایەن مێژوونوسان بە ناسناوی جیاواز ناوی هاتووە، هەندیك جار ناوی بەبێ هیچ ناسناوێك هاتووە (ابن الجوزي،ج8،ص102؛یاقوت الحموي،مج2،ص132.)،هەمان کەسایەتی ناوی بەڕاوەندی (الطبري،ج8،ص7؛الازدي ،ج1،ص ص401، 412 ؛ابن کثیر،مج5،ج10،ص107.) ،یان هەردوو ناسناوی لەیەك کاتدا هەڵگرتووە (یاقوت الحموي،،مج2،ص132.)،بۆیە لەوانەیە هەر ئەندامێکی ئەو هۆزە بێت نەك سەرۆك هۆز و لەدایك بووی یا نیشتەجێ ی شاری بەلەخ بێت.

کە باسیش لە دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم دەکات کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی 4ك/10ز دەرکەوت و پانتییەکی هەرێمی ئازەربێجانی گرتە دەست دەڵیت ئەساسی حکومەتی هەزبانی کە ئەو بەهەڵە لەهەموو شوێنەکان نوسیوییەتی هازبەنی (محەمەد ئەمین زەکی،ج1،ل100.) ئەمە لەکاتێکدا لەسەرچاوە عەرەبیەکان (ابن مسکویه،ج5،ص250؛ابن الاثیر،ج7،ص107.)تەنها ئاماژە بە ڕەگەزە کوردییەکەی کراوەو باس لە هەزبانی بوونی نەکراوە تا بە دامەزرێنەری حکومەتی هەزبانی بکرێت.دەربارەی کونیەکەشی کە ئەبو سالمە بەهە لە نووسراوە ئەبو سەلیم (محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل80). هەروەها کەباس لە دەرکەوتنی دیسەم وپەیوەندی بە بنەماڵەی یوسف کوڕی ساج دەکات(محەمەد ئەمین زەکی،،ج2،ل19)هیچ ئاماژەی بەوەنەکردووە کە ئەو بنەماڵەیە واتە ساجییەکان کورد نین، بەڵام دیسەم بەهۆی لیهاتوویی توانی متمانەی ئەو بنەماڵەیە وەربگرێت و بە پلەکانی سوپا هەڵبکشێ تا دەبیتە سەرلەشکری سوپا، لە دوای کوژرانی یوسف کوڕی ساج لە شەڕی قەرامیتەکان ساڵی 315ك/927ز دیسەم جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست و بوو بە فەرمانڕەوای ئازەربایجان (ابن مسکویه ،ج5،ص98؛ابن الاثیر،ج6،ص ص711،ج7،ص107).هەرلە باسی دیسەمیشدا ئاماژەی بەوەی کردووە کەوا لەسەر مەزهەبی ئەشعەری بووە(محەمەد ئە مین زەکی ،ل20) لەکاتێکدا سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەکردووە کە ئەویش وەك باوکی لەخەواریجەکان بووە(ابن الاثیر،ج7،ل107).

نوسەر حکومەتی سالاریەی لە ئازەربایجان بەکورد هەژمارکردووە لە پەراوێزدا (محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل17.) لەکاتێکدا ئەو بنەماڵەیە دەیلەمن و کوردنین بەڵام لەگەڵ بنەمالەی ڕەوادییەکان(337-463ك/947-



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

1069ز) تێكەڵ بوون بەو پێ یە هەردوو بنەماڵە فەرمانڕەوایەتی ناوچەیەكیان وەرگرتووە لەسەردەمی جیادا (النقشبندي ،ص113-117؛زرارصديق توفيق،ل124.).

دەربارەی دەركەوتنی حكومەتی ڕەوادی كەوتۆتە هەڵە بەهۆی گێڕانەوەیەكی ئیبن خوردازبیە كاتێك لە(232ك/847ز )سەردانی تەورێزی كردووە كە ئەوكات لە ژێر فەرمەنڕەوایی محەمەدی ڕەوادی بووە(محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل25.) بەڵام بەپێ ی توێژینەوە دەركەوتووە ئەو بنەماڵەیە پەیوەندییان بە كوردەوە نیە (النقشبندي ،ص ص 88،99-133)، چونكە ئەو بنەماڵەیە ڕەچەڵەكیان بۆ سەر هۆزی(الأزد)ی عەرەبی دەگەڕێتەوە و هیچ پەیوەندییان بە كوردەوە نیە،و مێژوونوسان میر محەمەدی كوڕی حوسەینی ڕەوادی بەیەكەم میری ئەومیرنشینە هەژمار دەكەن كەلە (337-463ك/947-1069ز)فەرمانڕەواییان كردووە نەوەك وەك ئەوەی نووسەر ئاماژەی پێكردووە(محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل38) گوایا لە تا 490ك فەرمانڕواییان كردووە.

لەباسی ئەمیر ئەحمەدیلیش (محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل38) كە نوسەردووجار كەوتۆتە هەڵەوە دەربارەی جارێكیان كە فەرمانڕەواییەكەی بەدرێژە پێدەری میرنشینی ڕەوادی هەژمار كردووە لە كاتێكدا ئەو میرە یەكەم جار لە ساڵی (501ك/1108ز) ناوێ لە سەرچاوەكان هاتووە (ابن الاثیر،ج8،ص555)،لە (505ك/1111ز) بەخاوەنی مەراغە دەناسرێت(ابن الاثیر،ج8،ص587.)، جاری دووەمیش كە مێژووی مردنەكەی بۆ ساڵی (520ك/1126ز) كە ڕاستیەكەی بەپێ ی سەرچاوەكان لە ساڵی( 510ك/1116ز) ئاماژە بە شێوازی مردنەكەی دەكرێت(ابن الاثیر ،الكامل،ج8،ص612؛النقشبندي،ص139) ،هەر دەربارەی هەمان میر لەبەرهەمێكی تری نووسەر ناوەكەی بەهەڵە نوسراوە ئەحمەدیل كوڕی ئیبراهیم كوڕی سالار مەرزەبان(مشاهير الكرد،ص109) ،كە ڕاستیەكەی بەگوێرەی سەرچاوە عەرەبیەكان ئەحمەدیل كوڕی ئیبراهیم كوڕی وەهسوذانی ڕەوادییە(ابن الاثير،ج8،ص612)،كە بە ئەحمەد بەگ یش ناوی هاتووە (الصفدي ،ج8،ص198؛ابن الجوزي ،ج17،ص108).

دەربارەی ڕەچەڵەكی ئاق سونقور ئەحمەدیلیش كەبە هەڵە نووسراوە ئاق سونكور ئەحمەدیلی پێی وابووە كە كوڕی ئەحمەدیلە و لە دوای باوكی فەرمانڕەوایێتی مەراغەی وەرگرتووە(محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل39)،بەڵام بۆچوونی تر كە لەوانەیە زیاتر لەڕاستی نزیك بێت، چونكە بە پشت بەستن بە سەرچاوەكان ئەو ووشەیە لێكدراوەتەوە لە توێژینەوەیەكدا بە واتای نۆكەر یان خزمەتكار بووە و كوردیش نەبووە بەڵكوبەندەیەكی توركە(النقشبندي ،ص143).دەربارەی خانەدانانی ئەحمەدیلی بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر تا ساڵی( 618ك/1221ز) بەردەوام بوون لە فەرمانڕەوایێتیی كردن(محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل43) ،بەڵام لێكوڵینەوەكان گەیشتوونە بەوەی دوا میری ئەو بنەماڵەیە ئەبو نەصر مەملان بووە كەتا( 463ك/1071ز) فەرمانڕەوا بووەو دواتر مەراغە و ناوچەكانی تری دەوروبەری دەكەوێتە ژێرڕكێفی سەلجوقیەكانەوە(النقسبندي ،ص131).

نووسەر ئاماژە بەهۆزی حەمیدی دەكات وبەهەمودی ناوی دەبات (محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل59)كە بێ گومان كەوتۆتە هەڵەوە چونكە ئەو هۆزە واتا هۆزی حەمیدی یەكێكن لە هۆزە گەورەكانی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاست كە نیشتەجێی چیایەكانی ڕۆژهەڵاتی موسڵن و دەكەوێتە نێوان هەردوو زێ (زرار صديق توفيق،ص83-91)، لە هیچ سەرچاوەیەكی تر ئاماژە بەوەنەكراوە كە حەمیدییەكان پێ یان ووترابیت هەمودی جگە لەنوسەر.



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

هاوكات لە باسى مير حوسەينى بەرزيكان دا مێژووى فەرمانڕاوەيى بە (330ك/942ز) تۆمار كردووە ، كەچى بەپێ ى سەرچاوە مێژووييەكان ئەوەى زانراوە لەلايەن مێژووناسان و دوو پاتى دەكەنەوە ك ئەو ميرە توانيويەتى دواى مردنى وەندادى خاڵى لە( 349ك/960ز) ،دەيسەمى كوڕى غانمى خاڵەكەى ترى لە 350ك/961ز جڵەوى دەسەلات وەربگرێت، بۆيە مێژووى دامەزراندنى فەرمانڕەوايان بە 348ك/959ز هەژمار كراوە(ابن الاثير،ج7،ص370-371).

هەندێك جار لەنوسينى ناوەكان ناڕوونيەك بەدى دەكريت و ئەگەر كەسێك زانيارى نەبێت لەو ماوەيە نازانيت مەبەستى كێيە، وەك ئەوەى باسى تەغلوبى حەمدان دەكات(محەمەد ئەمين زەكى،ل68) كە مەبەستى حەمدانى[1]تەغلوبيە كەيەكەم ميرو باپيرە گەورەى ميرانى حەمدانيە،هەر لە هەمان لاپەرە ئاماژەى بەسەهلانى كوڕى موسافيرى دەيلەمى كردووە بەلام لەهيچ سەرچاوەيەكى بەردەست.(ابن الفوطي ،مج1،ص401). ئاماژە بەوەنەكراوە كە سەهلانى كوڕى موسافير دەيلەمى بووە، بەڵكو ئاماژەى پێكراوە وەكو كورد كەناسناوى ميرى چياى[2] هەبووەوميرێكى دەسەڵاتدارو دەست ڕۆيشتووى هەريمى چياو خاوەنداريەتى نەهاوەند بووەو بە (عصمة الدولة)ناوبراوە(ابن مسكويە،ج5،ص363-364).

لەباسى چوونى سەلاحەددين بۆ قودسيش ساڵى( 583ك/1187ز) لەپەراوێزدا ئاماژەى بەدێرە شيعرێك كردووە (محەمەد ئەمين زەكى،ج2،ل112) كەتيايدا هاتووە:-

الحمدلله الذي ذلت وعزّ بالكردي دين
دولت الصليبي مصطفى العربي

ئەوەى ڕاستى بيت ئەو دێرە شيعرە دەستكارى كراوەو پەيوەندى بەكوردەوە نيە و شێوازە ڕاستەكەى بەو شێوازێكى تر هاتووە لە سەرچاوەيەكى مێژوويى و خاوەنەكەشى ديارە كە ناوى شەهابەددين حارمى بۆ مەملوكە توركەكانى ووتوە كاتێك لەساڵى(690ك/1291ز)شارى عەككە لەرۆمەكان وەردەگرنەوە(ابن كثير،البداية والنهاية،مج7،ج13،ص322). كە دەڵێت:-

الحمدلله زالت وعزّ بالترك دين
دولة الصلب المصطفى العربي
هذا الذي كانت رؤياه في النوم
الآمال لو طلبت لأستحيت من الطلب

بەلام لەوانەيە لەگەڵ ئەو دێرە شيعرەى شاعير(سناء الملك م:608ك/1211ز) [3]تيكەڵ بوو بێت كە ستايشى سەلاحەددينى تێدا كردووە لەكاتى وەرگرتنەوەى حەلەب لەساڵى 579ك/1183ز(ابن سناء الملك،ديوان ابن سناء الملك،ج2،ص1) كەتيايدا هاتووە:-

بدولة الترك وبابن أيوب
عزت دولة ذلت شيعة الصلب العرب

دەربارەى حكومەتى ئەتابەگى لوڕى گەورەش كە مێژووى دروست بوونى لەساڵى (550ك/1155ز) داناوە (محەمەد ئەمين زەكى،ج2،ل206)،هەرچەندە توێژەرێك ئەو مێژووەى پشت ڕاست كردۆتەوە(رمضان شريف الداودي،ص64)،بەلام سەرچاوەى تربۆدامەزرانى ئەو ئەتابەكييە ساڵى(500ك/1107ز)بەڕاستتر دادەنێن(حمدالله المستوفي،ص539)،دەربارەى چياى سماقيش كە لە هەمان لاپەرە ئاماژەى پێكراوە ئەو چيايە پێى وتراوە چياى كوردەكان كە دەكەوێتە ڕۆژئاواى حەلەب و چەند قەلايەكى ئيسماعيلى لەخۆى گرتبوو لەكۆتاييەكانى سەدەى پێنجەم بۆ سەدەى شەشەمى كۆچى/يازدەى زايينى چەند تيرەيەكى كوردى لێ ڕاگوێزراوە بۆ هەرێمى لوڕستان(الداودي،ص65)كەمەزندە



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

دەكریت بەهۆی بیروبۆچوونی مەزهەبی بێت(خانزاد صباح ، ص63).

هەروەها كە باسی حكومەتی شەدادی دەكات مێژووی كۆتایی هاتنی بە (468ك/1076ز) داناوە(محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل246)،بەڵام لقێكی دیكەی ئەو دەسەڵاتە لەشاری ئانی هەتا ساڵی 595ك/1198ز بەردەوام بووە لە حوكمرانیدا(مینورسكی ،ص113- 154).

**دووەم- هەڵەی ناو**

سەبارەت بە ناوەكان محەمەدئەمین زەكی لە كتێبی خولاصەیەكی كوردو كوردستان ناوی هەندێك كەسایەتی یان ناسناوی یان ناوی ناوچە و شوێنی بە هەڵە نووسیوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەكان ئەو هەڵانە ڕاست بكەینەوە.

1. **هەڵەی ناو یان ناسناو:-**

كاتێك ئاماژە بە ناوی گەڕیدە ئیبن حەوقەل(م:367ك/977ز)دەكات بە هەڵە نوسراوە ئیبن حاوكال (محەمەد ئەمین زە كی،ج1،ل41)چونكە ئەو لەئینسكلۆپیدیای ئیسلامیەوە وەریگرتووە لەوێ بەپیتی (E)نوسراوە،هەر لە هەمان لاپەڕە دەربارەی ئەو زانیارییەی كە لە ئیبن حەوقلیش وەریگرتووە لەسەر ڕەچەڵەك و نەژادی كورد كە دەیانگێڕێتەوە سەر كورد بن مارد بن عومەر لە ڕاستیدا ئەو ناوە هەڵە نوسراوەو ڕاستییەكەی بەزمانی عەرەبی (كرد بن عمروبن عامر) (ابن حوقل ،ص240).

كە باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی حەمدانییەكان و هەزبانییەكان بە پێشڕەوەی محەمەد كوڕی بیلالی هەزبانی دەكات لە هەمان لاپەڕە ناوی محەمەد كوڕی هیلاڵ ی بە هەڵە هێناوە(محەمەد ئەمین زەكی،ج1،ل99)،لە ڕاستیدا محەمەد كوڕی بیلال ە (ابن الاثیر،ج6،ص547).

نووسەر ئاماژەی بە ناوی كەسایەتیەك كردووە كە نامۆیە لە سەرچاوە مێژووییەكان ئەویش كوردی كوڕی بەدەویە كە بە یارمەتی حەمدانییەكان توانیویەتی دەسەڵاتیكی سەربەخۆ دابمەزرێنێیت لە (368ك/979ز) (محەمەد ئەمین زەكی،ل101)بۆیە گومان دەكرێت ناوەكە هەڵە بێت مەبەست لە كەسێكی تر بێت كە بەناوی(صالح بن بانویە)هاتووە كە بەسرۆكی كوردان ناوبراوە(التنوخي،ج2،ص186؛سبط ابن الجوزي ،ج11،ص316.)،یان(ابن بادویە)(ابن مسكویە،ج5،ص441-442).هەروەها ناوی نووسەرێكی هیناوە بە ناوی عبتی بێ ئاماژە كردن بەكتێبەكەی بكات (محەمەد ئەمین زەكی،ج1،ل102)بەڵام پێدەچێت مەبەستی نوسەرێك بێت بەناوی ئەلعوتەبی كەبۆ یەمین وئەلدوەلەی مەحمودی غەزنەوی نووسیوە (العتبي ،ص89) .

ئەوەی جێگای سەرنجە ناسناوی ئەبولهیجاء لە میرە كوردییەكان دووبارە بۆتەوە ئەوەش وایكردووە نوسەردوومیری كوردی كە بەئەبولهیجاء ناوبراون تێكەڵ بكات(محەمەد ئەمین زەكی،ج1،ل106)وئەبو لهیجای كوڕی عەبدوڵڵای میرزەبانی هەكاری خاوەنی قەلای ئەشەب وجەزیرە و نوشی كەلە (528ك/1134ز)كۆچی دوایی كردووە،لەگەڵ ئەبولهیجای حوسێنی كوڕی حەسەنی هەزبانی تێكەل كردووە كە بۆ دەیان ساڵ میری هەزبانیەكانی هەولێر بووەولە (519ك/1125ز) كۆچی دوایی كردووە(ابن الاثیر،ج9،ص53).

دەربارەی تاجولدین ئیبن سەڵایا [4] كە نووسەر بەهەڵە نوسیوییەتی تاج ئەدین سالآبا(محەمەد ئەمین زەكی،ج1،ل115) دوور نیە ئەمە هەڵەی چاپ بێت چونكە ئەو كەسایەتییە لەسەرچاوەكان ناسراوە و حاكمی قەڵای هەولێر بووە ولە دوای(656ك/1258ز)بە دەستی سوپای هۆلاكۆ كوژراوە(الصفدي،الوافي بالوفیات،ج5،ص88) .

لەباسی بنەماڵەی جان پۆلا (محەمەد ئەمین زەكی،ج1،ل136)كە ئێستا پێ یان دەووترێت جانبلاط كە گەورەی شیعە درووزییەكانن لە لبنان و ڕەچەلەكیان دەگەڕێتەوە بۆ میرێكی



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

کوردی ئەیوبی بەناوی جان بولاد کە بە ئیبن عەرەبی ناسراوە(طنوس یوسف الشدیاق،أخبار الاعیان في جبل لبنان،ج1،ص145).

لە باسی جەعفەری کوڕی شکویە هەزبانییدا (محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل27) کەوتۆتە هەڵەوە چونکە ئە گەر ئەو ناوە بە ڕێنووسی کوردی بنوسرێت،ئەوا دەبێتە شەکۆیان چەکۆ بەڵام ئەو وەك عەرەبیەکەی نووسیوە،هەرچەندە لە سەرچاوە عەرەبیەکان دیارە ئەو ناوە شەکۆی کوردە(ابن مسکویە،ج5،ص267).هەروەها لە نووسینی ناوی ئەبولهیجای رەبیب و ئەلدەولەی ڕەئیسی هەزبانیش بە هەڵەوە و بە ریب ئەلدەولە نووسراوە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل37).ناوی میری تەورێزیش بە سوکمان قبطی هاتووە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل38)، کەچی لەڕاستیدا لەسەرچاوە عەرەبیەکان بەناوی سوگمان قوتبی هاتووە چونکە نەوەی قوطب ئیسماعیلی کوڕی یاقوت بوو (ابن الاثیر،ج8،ص587).

ئاماژە بۆ ناوی دوبیس مزیاد کردووە(محەمەد ئەمین زەکی،خولاصەیەکی تاریخ کوردو کوردستان،ج2،ل40)، لەڕاستیدا ئەو ناوە دوبەیس کوڕی صەدەقەی مەزییدە(5)میری حلە بەڵام نووسەر بەهەڵە ناوەکەی نوسیووە.

لە باسی حکومەتی دۆستەکی و مەروانیشدا ناوی دامەزێنەری ئەو حکومەتەی بە باز ئەبو شجاعی کوڕی دۆستەك ی ئەمیری عەشیرەتی حەمیدییە ناساندووە، بەڵام ئەو ناوە بەشێوازی جیاواز لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا هاتووە بە باد(الروذراوریە ،ج6،ص 53؛الفارقي ،ص49.) ،باذ(ابن الاثیر ،ج7،ص434)، پاد (ابن تغري بردي ،ج4،ص145،ج5،ص105.) هاتووە، بەڵام ئەو جیاوازییە لەلایەن توێژەرێکەوە ساغکراوەتەوە و پێ ی وایە ناوە ڕاستییەکە پادە(عبدالرقیب یوسف ،ج2،ص357.) دەربارەی دۆستەکیش کەزۆر جار ناوی حکومەت یان میرنشینەکەی بووە تەنها لە یەك سەرچاوە بە دۆشتەك هاتوو لەوانەیە نووسەری ناوبراو لەوی وەرگرتبێت(ابن خلدون ،ج4،ص322).کە باسی زیاری کوڕی شەهراکویەی سەرکردەیەکی سەربازی دیلەمی کردووە (محەمەدی ئەمین زەکی، ج2،ل46)کە لە زۆربەی سەرچاوە عەرەبیەکانیش (الروذراوریە،ج6،ص54؛ابن الاثیر،ج7،ص405) هەر بەوشێوازە هاتووە جگە لە ئیبن خەلدون کە بە شەهراکونە ناوی هێناوە (ابن خلدون ،ج4،ص608) ،لەوانەیە ئەوناوەش هەر شەکۆ بێت بەو شێوەیە هاتووە.

هەر لەباسی ئەوحکومەتەش باسی میر نەصر و ئەلدەولە ئەحمەد کوری مەڕوانی دۆستەکی دەکات(ابن خلکان،ج1،ص177) دووجار کەوتووەتە هەڵەوە لە ناوهێنانیدا،جارێك بە ناصر ئەلدەولە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل55) ،جارێکیش بەنەصرەت(محەمەد ئەمین زەکی ،ج2،ل62).

دەربارەی خاوەنی ڕەها لە 422ك/1031زکە بەئیبن عطیر ناوی هاتووە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل57)، لە سەرچاوە عەرەبیەکان بە دوو جۆر هاتووە عطیر(النویري،ج23،ص123؛ابن الاثیر،ج7،ص ص 688 ،776.)،ئیبن عەطیر و هەندێك جاریش هەردووکیان بەکار هێناوە،هەندێك جاریش بە عطیر ناوی هاتووە(ابن خلدون ،ج4،ص412.) .

لەناوی ئیبراهیم یەنال برای طوغرلبەگی سەلجوقیش(ابنالاثیر،ج8،ص25؛الصفدي،ج6 ،ص97-98) کەوتۆتە هەڵەوە و ناوی بە ئیبراهیم نەیال هاتووە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل58) لە هەمان شێوە لە ناوی مەلیکی ئەبخازیش (ابن الاثیر،ج8،ص78) بە مەلیکی ئەیخار هاتووە (محەمەد ئەمین زەکی ،ج2،ل61) .لە باسی میرێکی کورد بە ناوی ئەبو الشوك(6)ی عەنازیش بەناوی ئەبو الشوق هاتووە (محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل80) کە لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت یان لەسەرچاوە تورکیەکانی وەرگرتبێت کە پیتی(ك) دەکەنە(ق) .



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

دوو جار ناوی ئەلقاضی ئەلفاضل[7]بە هەڵە هاتووە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل ل 92، 132.)،کە ناوبراو وەزیری سەلاحەدین ئەیوبی بووە ویەکێك بووە لە کەسە متمانە پێکراوەکانی بەهەمان شیوەناوی عەمارە ئەلیمەن(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل95) کە شاعیرێکی لایەنگیری فاتمییەکان بووە و بەهۆی هەوڵی پیلانگێری بۆ گەڕاندنەوەی حوکمیان لە569ك/1174ز بە فەرمانی سەلاحەددین ئەیوبی لە سێدارە دراوە، بە هەڵە هاتووە ڕاستیەکەی عمارة اليمني[8]یيە(ابن الاثير،ج9،ص390) .هەروەها لە ناوی برای سەلاحەدین لای نووسەر لە دوو شوێن بە هەڵە نوسراوە جارێك بە طفتكين جارێكیش بە طفكتين(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل ل 98، 133.)،کە هەردووکیان هەڵەیە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە سەرچاوە عەرەبیەکان ئاماژەی پێکراوە بە طوغتكين[9]هاتووە(ابن الاثير،ج9،ص406) .لە ئاماژە کردنی بە ئەمیر حوسامەدین سەمین(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل116) ئاماژەی بە کونیەی ئەو میرە کوردییەی نەکردووە کە یەکێك بووە لە سەرلەشکرەکانی سەلاحەددین ئەیوبی و لە سەرچاوە عەرەبییەکان بەناوی ئەبولهیجای سەمین یان ئەبولهیجای حوسامەددین سەمین ناوی هاتووە و خەڵکی هەولێرە لە 593ك/1197 کۆچی دوایی کردووە، لەبەر قەڵەوی پێ ی ووتراوە سەمین(ابن الاثير،ج10،ص ص 71، 102، 144).هەندێك جاریش نووسەر ئاماژەی بە هەندێ کەسایەتیی ناسراو و دیاری کوردی کردووە کە لەسەرچاوە عەرەبیەکان گرنگیان پێدراوە، بەڵام نووسەر تەنها ئاماژەی بە ناوی کردووە وەك لەباسی سەیف ئەددین علی[10]ئەلمەشطوب(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل119)،کە یەکێکە لەمیرە مەزنەکانی کورد لەسوپای سەڵاحەددین ئەیوبی (ابن الاثير،ج9،ص53).

یەکێکیی تر لەو کەسایەتیانەی ناوی بەهەڵە هاتووە صەفیە خاتون کچی مەلیك عادلی ئەیوبی کە سێ جار بەسێ شێوازی جیاوازی هەڵە ضەعیفە،ضفیە،ضیفە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل ل 153، 154) ،بەڵام دواتر بەشێوازە ڕاستەکەی نوسراوە صفیە خاتوون(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل155).هەروەها لەناوی سەرداری هۆلاکۆ بە هەڵە نووسراوە کیتوقابوس(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل209) کەڕاستیەکەی کتیبوقانوئین وەك لەسەرچاوەکان نوسراوە (حمدالله المستوفى ،ص543) .

**2. ناوی ناوچە:-**

لەدیاریکردنی ناوچەکانیش هەندێك هەڵە بەدی دەکرێت دەربارەی ئەو شوێن و ناوچانەی لەو سەرچاوەیە ناویان هاتووە لە کاتی بەراووردکردن لەگەل سەرچاوە عەرەبیەکان. لێرەدا بەپێویست دەزانرێت ڕاست بکرێتەوە.

کە ئاماژە بە ناوی بەسیسار کراوە(محەمەد ئەمین زەکی،ج1،ل12)، ڕاستیەکەی سیسەرە نەك سیسارکە شارێکی کوردی لەسەرڕێگای هەمەدان بۆ ئازەربێجانە، لە سەردەمی خەلیفە ی عەباسی مەهدی 158-169ك/775-775-786ز بەهۆی بەپیتی ناوچەکەو زۆری کانیاوەکانی نۆژەنکراوەتەوە و بۆتە پاوانی خەلیفە(البلاذري،ص434؛ياقوت الحموي،مج3،ص105) .

کاتێك باس لە ڕەچەڵەکی کوردو شوێنی نیشتەجێ بوونی دەکات، باسی قەڵای ئالکی کردووە(محەمەد ئەمین زەکی،ج1،ل39)،لەوانەیە مەبەست لە قەڵای ئەلقی بی کە یەکێکە لەقەڵاکانی ناوچەی هەکاری لە دەوروبەری موسڵ(ابن الشعار ،ج7،ص96).هەروەها لە باسی میتانییەکان ئاماژە بە ئاوی خاپور دەکات(محەمەد ئەمین زەکی،ج1،ل29،ج2،ل105)،کە لەڕاستیدا لە سەرچاوەکان بەخابور ناوی هاتووە(ياقوت الحموي،،مج2،ص209).

بەهەمان شێوە لە ئاماژەکردنی بە قەڵای سمێرم(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل29)، ڕاستییەکەی سومێرمە وەك لە سەرچاوە



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

بولدانیەکان ئاماژەی پێکراوە(یاقوت الحموي،،مج3،ص74-75).

هەروەها کە ئاماژەی بە دەروازەی بوبیە کردووە کە شوێنی چوونە ناو جەزیرەی ئیبن عومەر بووە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل66)بەهەڵە نوسراوەو ڕاستیەکەی دەروازەی بویبە(ابن الاثیر،ج8،ص300).هەروەها لە ناوی شارێکی شام کە بە کرگ یان کرن ناوی هاتووە (محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل103)، هەڵەیە و ڕاستیەکەی بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان کەرەکە( یاقوت الحموي،،مج4،ص131؛ابن الاثیر،ج9،ص452).بەهەمان شێوە کە باس لەقەڵای بیرار شاه ی کردووە(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل293)،ڕاستیەکەی بە گوێرەی سەرچاوە عەرەبیەکان بە تیرانشاه هاتووە کە قەڵایەك بووە لەشارەزوور(یاقوت الحموي ،مج1،ص470؛ابن الاثیر،ج8،ص57).

**سێیەم- هەڵەی دیاریکردنی مێژوو یان ڕێکەوت**

بە هەمان شێوەی جۆرەکانی تری هەڵەی نووسەر لە دانانی هەندێك بەراوار دا بەهەڵە داچووە جا چ بەهۆی چاپ بێت یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر.

لەئاماژەکردنی بەدامەزراندنی دەوڵەتی ڕەسولی ساڵی(926ك/1520ز)بە ساڵی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە داناوە (محەمەد ئە مین زەکی ،ج1،ل114)،کە لەڕاستیدا ئەو بنەماڵە کوردە لە دوای( 626ك/1229ز ) سەربەخۆی خۆیان لە دەوڵەتی ئەیوبی ڕاگەیاند وخەلیفەی عەبباسی بەفەرمی دانی بەشەرعیەتیان دراوەتا ساڵی(854ك/1458ز)بەردەوام بوون لە فەرمانڕەوایی یەمەن(زرار صدیق توفیق،بنە ماڵەی فەرمانرەواییانی یەمەن کورد بوون،ل13).

دەربارەی بەرواری چوونی ئەتابەك طوغتەکینی حاکمی شام بۆ بەغدا کە(520ك/1127ز) (محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل39)،ئەو بەرواره هەڵەیەو ڕاستیەکەی(510ك/1116ز) (ابن الجوزي،ج17،ص147)،بەهەمان شێوە بەرواری بەخشینی ناسناوی ناصرولدین وئەلدەولە بەمیربەدری حەسنەوی نوسراوە(338ك/949ز)(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل72)،بەڵام ئەو بەرواره هەڵەیە وڕاستیەکەی ساڵی 388ك/998زئەو ناسناوەی لەلایەن خەلیفەی عەبباسی پێ بەخشرایە(ابن الاثیر،ج7،ص72) کە دوور نیە ئەوەش هەڵەی چاپ بیت.لە ئاماژەکردنی بەساڵی کۆچی دوایی فەلەکولدین و عیزەددەین ی کوڕانی بەدرەدین مەسعود لە لوڕستان نوسراوە ئەوە دوو برایە لە603ك/1207ز(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل221)،بەڵام بەپێ ی سەرچاوەکان ئەو دوو میرە لە 692ك/1292 کۆچی دواییان کردووە(زامباور،ص354).

چوارەم- **هەڵەی چاپ**

دەربارەی هەندێك هەڵە کەزۆر بەڕوونی دیارە هەڵەی چاپ و فۆنتی کوردییە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەهەرچەندە بەشێك لەو هەڵانە دەکەوێتە ئەستۆی چاپ یان دەزگای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە،بەڵام هەندێکیان دیارە کەنوسەر خۆی وای نوسیووە لەبەر هۆکارێك بێت وەلەبەر زۆر دووبارە بوونەوەی ئاماژەی پێ نەکراوە وەك ووشەی هەکاری کە هەر بە حەکاری نووسراوە،هەروەها ووشەی هەزبانی بەهازبەنی نووسراوە.

جێگای داخە گۆڕینی فۆنتی کوردی و عەرەبیش هۆکارێکی تری چەند هەڵەیەکی چاپ وەك ووشەی فەلەستین کەلەبەر ئەوەی نووسەر پیتی عەرەبی لەڕێنوسی کوردی بەکارهێناوە بۆتە فەلەسگین(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل92).بەهەمان شێوە ووشەی سوڵطان بۆتە سولگات(محەمەد ئەمین زە کی،ج1،ل108).هەر لەبەر هەمان هۆ ناوی مونسی خام بەهەڵە نوسراوە کەلەکوردیدا بەموئنیسی خادیم دەنوسرێت(محەمەد ئەمین زەکی،ج2،ل18).



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

گوڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا:23، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 432-446، 2020

هەندێك جاریش لەكاتی چاپكردن پیتێك لەبیر كراوە وەك ئەوەی مەملەكە بۆتە ملكە(محەمەد ئەمین زەكی،تاریخی خولاصە یەكی كوردو كوردستان،ج2،ل74)،ئەو هەڵەیە لە ی بەرواریش هەیە لەكاتی بەراووردكردنی ساڵنامەی هیجری بەزایینی ژمارەیەك بۆتە هۆی هەڵە لەساڵی(579ك/813ز) نوسراوە كەڕاستیەكەی(579ك/1183ز)(محەمەد ئە مین زەكی ،ج2،ل105).هەرلەهەمان بابەت لەناوی قەڕاڵی ئینگلیزكەبەناوی نوسراوە ریشاری شێردل(محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل120)،ڕاستیەكەی ڕیتشاردە بەڵام پێ دەچێ لەكاتی چاپكردن هەڵە لەنوسینی ناوەكە كراوە.لەناوی خەلیفەی فاتیمی كە نوسراوە عەزیز بن ئەلمغر(محەمەد ئەمین زەكی،ج2،ل131)، بەهەمان شێوە بەهەڵە چاپكراوەو ڕاستیەكەی عەزیزی كوڕی ئەلموعیزە.

## ئەنجامی لێكۆڵینەوە

هەرچەندە ئەو لێكۆڵینەوە خوێندنەوەیەكی ڕەخنەگرانەیە بۆ سەرچاوەیەكی مێژوویی، سەرباری ئەو هەڵانەی لەو كتێبەدا هەبوون ڕۆڵی نوسەر لەو بەرهەمە گرنگەی مێژووی كورد دەدرەوشێتەوە، چونكە ئەرك و ماندووبوونێكی زۆری پێوەدیارە و پێویستی بەڕاستكردنەوەی ئەو هەڵانە بدریت بۆ ئەوەی لەسەر مێژووی كورد نەكەوێت و خوینەری مێژوو ڕاستیەكانی بۆ روون ببێتەوە.

ئەو سەردەمەی نووسەر دەستی بۆ مێژوونوسین بردووە ئەركێكی قورسی خستۆتە سەرشانی،چونكە نەبوونی سەرچاوە و كاتی پێویست بوونەتە ئاستەنگی بەردەم نووسەر لە كاتی نووسینی ئەو بەرهەمە، هەرچەندە دەستنووسی ئەو كتێبە جاری یەكەم لەگەڵ سەرچاوە و ماڵی نووسەر سووتاوە، بەڵام پێداگیری نووسەر و هیوای خزمەت گەیاندن بە نەتەوەكەی بەردەوامی بەكارە پیرۆزەكەی بەخشیوە.

بەشێك لەو هەڵانەی نووسەرتێ ی كەوتووە بەهۆی پشت بەستن بەسەرچاوەی ترەوە بووە، كە ئەو هەڵانەی ئەوانی دووبارە كردۆتەوە جا ئەو هەڵانە چ ناوو ناسناوی كەسایەتییەكان بێت یان ناوی دەڤەروهەرێم و شوێنە جیاوازەكانی كوردستان بێ.

هەروەها نابیت فەرامۆشی ئەوە بكرێت كە ئەو كتێبە بە دەزگایەكی چاپی كلاسیكی سادە نوسراوە، بۆیە ئاساییە هەڵەی چاپی تێكەوتبێت بەتایبەتیش نووسەر ڕێبازیكی نوێ ی هەڵبژاردووە، ئەویش نووسینی زمانی كوردی بەڕینووسی عەرەبی و بەكارهێنانی پیتی عەرەبییە كە ئەوەش خۆی لە خۆیدا نووسەری خستۆتە هەڵەیەكی زمانەوانی تر.نابێ كاریگەری زمانەكانی تر بەتایبەتیش عەرەبی بەسەر نووسەر پەراوێز بكرێت كە ئەویش لەوانەیە هۆكارێكی تر بێت بۆ كەوتنە هەڵەی زمانەوانی بەهۆی خوێندنەوەی هەڵە.نابێت ئەوەش لەیاد بكریت كە ەئو كتێبە بۆیەكەم جار لەلایەن كەسانێكەوە چاپكراوە كەزمانی كوردییان نەزانیوەوشارەزاییان لەسەركەسایەتی وناوچە و دەڤەرە كوردییەكان نەبووە بۆیە جێگای داخە كەلەچاپكردن كەوتونەتە هەلە.

هەرچەند هەوڵێكی زۆری داوە بەرهەمەكەی ئەكادیمیانە بكەوێتە بەرچاو و ئاماژەی بەسەرچاوە كردووە، بەڵام هەندێك جار ئاماژەی بە سەرچاوە نەكردووە یان پشتی بە هەندێك سەرچاوە بەستووە، خۆی گومانی لەو زانیارییە كردووە كە خاوەنداری سەرچاوەكەی خراوەتە پاڵ وەك ئەو زانیارییانەی لە كتێبی (كردلر) وەرگرتووە هەرچەند گومانی هەیە لەنووسەرەكەی كە د.فریج بێت؟!

سەرەڕای ئەو ووردە هەڵانەی لەو كتێبەدا هەن، بەڵام نووسەر توانیویەتی مێژووی كورد وەك نەتەوەیەك بەدرێژایی مێژوو بخاتە ڕوو، بەگشت لایەن و تەوەرەكانیانەوە بۆیە دەكرێ بەرهەمەكەی بچێتە خانەی كوردناسی نەك تەنها مێژوو .

## پەراوێزەكان

أبو تغلب الغضنفر فضل الله ابن ناصر الدولة حسن بن حمدان ووالدته فاطمة بنت أحمد الكردي.ابن مسكويە:تجارب الامم،ج5،ص363؛ ابن خلكان، أبو العباس شهاب الدين احمد بن محمد بن أبي بكر (ت : 681هـ/1282م) :وفيات الأعيان في أبناء



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

الزمـــان، تحقيق:احسـان عبـاس، دار صـادر، (بيروت:1978م)،مج2،ص116-117.

عصمة الدولة أبو نصر وأبو دلف سهلان بن مسافر بن سهلان الكردي أمير الجبل. ابن الفوطي، كمال الدين ابي الفضل عبدالرزاق البغدادي (ت 723هـ/ 1323م):معجم الألقاب في مجمع الآداب، تحقيق: محمد الكـاظم، (طهـران:1416هـــ)،مج1،ص ص401،مج5،ص261.

القاضي السعيد أبو القاسم هبة الله بن القاضي الرشيد أبي الفضل جعفر المعتمد سناء الملك أبي عبدالله محمد بن هبة الله (505-608هـ/1111- 1211م)صـاحب الـديوان الشـعر البـديع والـنظم الرائـق.ابن خلكان:وفيات الاعيان،ج6،ص61.

تاج الدين محمد ابن نصربن صلايا بن يحيى الصاحب تاج الدين أبو المكارم ابن صلايا الهاشمى العلوى ،نائب إربل الشيعى.الصفدى:الوافى بالوفيات،ج5،ص88.

أبو الأغر،دبيس بن سيف الدولة أبي الحسن صدقة بن منصور بن دبيس،بن علي بن مزيد الأسدي الملقب نورالدولة،ملك العرب،صاحب الحلة المزيدية.ابن خلكان:وفيات الاعيان،ج2،ص263.

أبو الشوك العنازي:الامير أبو الشوك محمد بن عناز حكم الامارة العنازية بن عد وفاة والده أبو الفتح سنة 401هـ/1011م ،وقد عمل على توسيع نفوذه حتى تـــوفي فـــي 437هــــ/1046م.ابـــن الاثير:الكامل،ج7،ص574،ج8،ص52.

القاضي الفاضل (529-596هـ/1135-1200م): أبو علي عبدالرحيم ابن القاضي الاشرف بهاء الدين أبي المجد علي بن القاضي أبي محمد الحسن بن الحسن بن احمد بن الفرج بن احمد اللخمي العسقلاني المولد والمصري الدار المعروف بالقاضي الفاضل والملقـب بمجيـر الـدين.ابن خلكان:وفيـات الاعيان،مج3،ص198-162.

الفقيه أبو محمد عمارة بن أبي الحسن علي بن ريدان بن أحمد الحكمـي اليمنـي الملقـب بمجـم الـدين الشـاعر المعــــروف.ابن خلكان:وفيـــات الاعيان،مج3،ص431-435.

سيف الاسلام طغتكين(ت:593هـ/1197م): أبو الفوارس طغتكين بن أيوب بن شاذي بن مروان المنعوت بالملك العزيـز ظهيـر الـدين صـاحب الـيمن.ابن خلكان:وفيات الاعيان،مج2،ص523.

الامير سيف الدين أبي الحسن علي بن احمد بن أبي الهيجاء ابن عبدالله بن أبي الخليل ابن المرزبان الهكاري،وقد سمي بالمشطوب لشطبة كانت بوجه،ووالده أبو الهيجاء صاحب العمادية وعدة قـــلاع الهكاريـــــة.ابن خلكان:وفيـــات الاعيان،مج1،ص180-184.

## سەرچاوەو ژێدەرەكان:-

### يەكەم:سەرچاوەكان:-


ابـن الاثير،عزالـدين بـن الحسـن علـي بـن محمد الجـــزري(ت:630هــــ/1232م):الكامـــل فـــي التأريخ،تحقيق:عمرعبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، (بيروت:2006م).

ابـن الجـوزي، ابـوالفرج عبـدالرحمن بـن علـي (ت: 597هـ/ 1200م):المنـتظم فـي تـاريخ الملـوك، تحقيـق: محمد عبـدالقادر عطـا ومصـطفى عبـدالقادر عطـا، ط2، دار الكتب العلمية، (بيروت: 1995م).

إبـــن الشـــعار، كمـــال الـــدين ابـــي البركـــات الموصلي(ت:654هـ/1256م)،قلائد الجمان في فوائد شهداء هذا الزمان،تحقيق: كامل الجبوري،دار الكتب العلمية،(بيروت:2004م).

ابن الفوطي،كمال الدين ابو الفضل عبدالرزاق بن احمد(ت:723هـ/1323م):مجمع الاداب في معجم الالقاب،تحقيق:محمد الكاظم،(طهران:1416هـ).

ابـــن تغـــري بردي،يوســـف بـــن تغـــري بردي(874هـ/1469م):النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة،دار الكتب،(القاهرة:1963).

ابـــن حوقـــل،ابي القاســـم بـــن حوقـــل النصيبي(ت:367هـ/977م):صورة الارض،دار مكتبة الحياة،(بيروت:1992).

ابن خلدون،عبدالرحمن(ت:808هـ/1405م):تاريخ ابن خلدون(ديوان المبتدأ والخبر في تأريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشان الاكبر)،تحقيق:خليل شحادة،دار الفكر،(بيروت:2000م).

إبن خلكان،أبو العباس شمس الدين احمد بن محمد(ت:681هـ/1282م):وفيات الاعيان وانباء إبناء الزمان،تحقيق:احسان عباس،دار صادر،(بيروت:1978م).

ابن سناء الملك،هبة الله (ت:608هـ/1211م):ديوان ابـــن ســـناء الملـــك،تحقيق:محمد ابـــراهيم نصر،(القاهرة:1969م)،ج2.

ابن كثير، عمادالدين ابو الفداء اسماعيل بن كثير الدمشقي (774هـ/ 1372م):البداية والنهاية، تحقيق: أحمد أبي ملحم وآخرين، دار الكتب العلمية، (بيروت: 2005م).

ابـــن مســـكويه،احمد بـــن محمد بـــن يعقوب(ت:421هـ/1031م):تجارب الامم وتعاقب الهمم،تحقيق:سيد كسروي حسن،دار الكتب العلمية،(بيروت:2003م).

الأزدي،يزيـد بـن محمد(ت:334هـ/945م):تـاريخ الموصل،تحقيق:احمد عبدالله محمود،(دار الكتب العلمية،(بيروت:2006م).

الـــروذراوري،محمد بـــن الحســـين ظهيـــر الدين(ت:488هـ/1094م):ذيل تجارب الامم وتعاقب الهمم،(بيروت:2003م)،ج6.

سبط ابن الجوزي، شمس الدين يوسف قزاوغلي (654هـ/ 1256م):مرآة الزمان في تاريخ الاعيان،دار الكتب العلمية،(بيروت:2013م).

الصفدي، صلاح الدين خليل بن ايبك (764هـ/ 1363م):الوافي بالوفيات،تحقيق:أحمد الارناؤط-تركي مصطفى،دار احياء التراث،(بيروت:2000م).




khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

الطبري، ابو جعفر محمد بن جريربن يزيد (310هـ/923م):تأريخ الرسل والملوك (تأريخ الطبري)، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم ،دار المعارف،ط4 ، (القاهرة: د. ت).

طنوس يوسف الشدياق:أخبار الاعيان في جبل لبنان،تحقيق: المعلم بطرس البستاني،(بيروت:1954م).

العتبي،محمد بن عبدالجبار(427هـ/136م):تاريخ اليميني،تحقيق:احسان ذنون عبداللطيف الثامري،دار الطليعة،(بيروت:2004م).

الفارقي،احمد بن يوسف(572هـ/1176م):تاريخ الفارقي،تحقيق:بدوي عبداللطيف عوض،(القاهرة:1959م).

النويري،شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب(ت:733هـ/1332م) :نهاية الارب في فنون الادب،دار الكتب العلمية،(بيروت:2004م).

الهمذاني،رشيد فضل الله(ت:718هـ/1318م):جامع التواريخ،راجعه وقدم له:يحيى الخشاب،دار الكتب العربية،(د.م:د.ت)،م2،ج1.

ياقوت الحموي، شهاب الدين عبدالله (626هـ/1229م):معجم البلدان: قدم له: محمد عبد الرحمن المرعشلي، دار إحياء التراث العربي، (بيروت: د.ت).

## دووەم:ژێدەرەكان:-

### أ- ژێدەرە عەرەبيەكان:-

حسام الدين علي غالب النقشبندي:اذربيجان في العصر السلجوقي،(السليمانية:2012م).

خانزاد صباح محي الدين:علاقة الدولة الفاطمية بالكرد،المكتب الجامعي الحديث،(الاسكندرية:2016م).

دارا جمال غفور:محمد امين زكي ودوره السياسي والاداري في العراق(1924-1948)،مطبعة شڤان،(السليمانية:2008).

رمضان شريف الداودي:لورستان الكبرى،(اربيل:2010م).

زامباور:معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في التأريخ الإسلامي، أخرجه: زكي محمد حسن بك وحسن أحمد محمود، دار الرائد العربي، (بيروت: 1980م).

زرار صديق توفيق:القبائل والزعامات الكردية في العصر الوسيط،(اربيل:2007م).

عبدالرقيب يوسف:الدولة الدوستكية،دار اراس،(اربيل :2001م)،ج2.

كي.ليسترنج:بلدان الخلافة الشرقية،تحقيق:-بشيرفرنسيس- كوركيس عواد،مؤسسةالرسالة،ط2،(بيروت:1985م)،ص227.

محمد امين زكي بك:خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من أقدم العصور الى الآن،ترجمة:محمد علي عوني،(مصر:1939م).

محمد امين زكي:مشاهير الكرد وكردستان،اعداد:رفيق صالح،(بغداد:2007م).

### ب- ژێدەرە كوردييەكان:-

زرار صديق توفيق:كوردو كوردستان لەرۆژگارى خيلافەى ئيسلاميدا،(هەولێر:2010ز).

كۆمەڵە نوسەرێك:چى لەبارەى "محەمەد ئەمين زەكى بەگ " ەوە نوسراوە،ئامادەكردنى:رەفيق ساڵح،بنكەى ژين،(سلێمانى:2010ز).

### ج- ژێدرە فارسييەكان:-

حمدالله المستوفى:تاريخ گزيده،(تهران:1381).

مينورسكى،ولاديمير فدرويج:نگاهى نوبه مشرق ققفاز،ترجمة:محسن خادم،(تهران:1378).

### د- گۆڤارەكان

زرارصديق توفيق:بنەماڵەى فەرمانرەوايانى يەمەن(1229-1458ز)كورد بوون،گۆڤارى ژين،سلێمانى،ژمارە 9،ديسەمبەرى 2017.



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq

**الخلاصة**

يعد كتاب (خلاصة تاريخ الكرد وكردستان) لمؤلفه محمد أمين زكي ،إحدى المصادر الرئيسية التي شغلت حيزاً واسعاً في المكتبة الكردية ولاسيما إنها تعد الفريدة التي كتبت باللغة الكردية بعد كتاب الشرفنامة لشرفخان البدليسي التي كتبت باللغة الفارسية.إلا إنها لم تخلو من بعض الاخطاء التأريخية التي تعد من الطبيعي ولاتقل من ألاهمية التي تكمنها المصدر.لعل المؤلف وقع في هذه الاخطاء بسبب إنشغاله بعدة مناصب عسكرية وديبلوماسية خلال مسيرته العلمية التي لم تمنحه الوقت الكافي للإطلاع على المصادر من جهة ومقارنة ماجاء من بعض المصادر بأخرى للتأكيد من صحتها.

وقد ضمّ البحث سيرة حياة المؤلف ومنها العلمية،وفي المحور الثاني يبحث أهم اسباب وقوع المؤلف في هذه الاخطاء من جهة،وتقسيم هذه الاخطاء حسب نوعها كالموضوعية ،وأخطاء الاسماء والالقاب والمواقع والتواريخ هذا بالاضافة الى الاخطاء المطبعية.وفي النهاية أهم نتائج الذي وصل إليه البحث،مع قائمة بأهم المصادر والمراجع كأحد متطلبات البحوث العلمية والاكادمية.

## CORRECTION OF SOME HISTORICAL MISTAKES ABOUT MEDIEVAL IN THE DIGEST BOOK OF KURD AND KURDISTAN OF MUHAMMED AMEEN ZAKI BAG

KHANZAD SABAH MOHIALDEEN
Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region-Iraq

**ABSRACT**

**The book of Muhammed Ameen Zaki Bag is one of the fundamental kurdish historical sources in all areas. He served the history of Kurd because he was graduated from collage of Military and he was entitled for many duties and jobs ،and at the end of ottoman dynasty period he was able to benefit from his achievements and record Kurdish history. Due to his business with Administration affairs ،in 1925 he was Minister of Transportation and works in Iraq also he didn’t have enough sources because most of the sources at that time was hand written. Many historical mistakes and historical information about the tribes and Kurdish figures was admixture.**

**In this research we try depending on the available historical sources to correct the mistakes especially about the medieval and this will not reduce the importance of this research. The mistakes will be divided according to their types on the sections of subjective mistakes. We focus on the mistake in the names and nicknames of the figures or mistakes in the name of the village and cities in this book. In addition to the mistake in the dates and typing which they are section in this research. At the end the result of this research and list of the sources are available with a brief of the research with Arabic and English languge.**

***KEYWORDS:*** Correction Of Some Historical Mistakes, Kurd And Kurdistan Of Mohammed Ameen Zaki Bag, Medieval In The Digest Book Of Kurd



khanzad.mohialdeen@epu.edu.iq